کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 13:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەلامێک بۆ نووسەری خانمی یەکەمی کوردستان ... عبدالله بیبانی:**

من نەپارتیم و نە یەکیتی تەنانەت سەر بە هیچ گروپ و تاقمیکیش نیم هاوریشم زور کەمە بە شێوەیەك زوربەی کاتەکەم لە بەردەم کومپیوتەردا دەبەمە سەر بەلام هەندیك جار هەندی نووسینی سایتە کوردییەکان دەخوینمەوە زور رقم هەلدەستی و ئەوسا تیدەگەم کە کورد هەزاران ساڵە بۆچی نەبووە بە هیچ و هەر خەریکی پیکیشانەوەی یەکتر و ناو زەر کردنی یەکترن ئەوە ووتمان قەیناکە کورد خۆی خوو رەوشتی کەوی هەیە و خۆخۆرن. بەلام ئەوەی لەم ماوەیەی دوایدا دەبینریت بەناوو نووسرانی سایتەکان پر دەدەنە لاقی ئافرەتانیش روژیك خیزانی سەرۆك کۆمارو رۆژێك خیزان و خانەوادەی سەرۆکی هەرێم و ناو نانەوەی ناوو ناتۆرەو هەلبەستنی درۆ و دەلەسەی بی بنەما.

لە سایتی کوردستان پۆستدا کابرایەك بە ناوی ریباز باسی خیزانی سەرۆکی هەریمی کردووە تەنها بۆ ناو زراندنی بنەمالەی سەرۆك باسی ئافرەتیش دەکات لە کوردەواریدا قسەیەکی بلاو هەیە بۆ ئەوانەی کە قولە قاپی ئافرەت دەگرن من نامەویت لیرە زیاتری لە سەر بلێم بەلام تەنها ئەوەندە دەلیم با ئەو کەسە بچێت تاقیبی ئافرەتەکانی سەرۆك لە قوتابخانەکانیان بکات ئایا هیچ جیاوازییەك دەبینیت لە گەل قوتابییەکانی تردا. دوای کابرایەك کە رقی لە کەسیك دەبیتەوە با لە سەر خۆی بنووسیت بۆچی خەیال پلاو بە چۆنیەتی ئافرەتەکەیەوە دەبینیت کە لە لای کورد تاکو ئیستاش ئافرەت پیرۆزترین شتە و هێمای شەرەفە کە من دلنیام ئەو کاك ریبازەش ئامادە نییە ئاوا باسی خوشك و دایکی خۆی بکرێت من قەد بەو دوعایەی کاك ریباز نالێم ئامین گەر پیاویك دوژمنیشم بێت گوناحە ناوی ئافرەتەکەی بهێنی نە خوا نە شەرع و نە یاسا ئەوەیان پی قبوول نییە ئەوەی لە سەر ئافرەتی دوژمنەکەی شتی خراپ دەلیت تەنها لە بەر بی دەسەلاتی و لاوازی و نەبوونی بەلگەیەتی.

پیاوان چەند لە سەر یەك رژد دەبن توخوا ناوی ئافرەت مەهینە ناو بابەتەکانی خۆتانەوە. من هەر ئەوەندە لە سەر خیزانی پیاوی کورد دەلیم کە بە هەموو جۆریك پالپشتی پیاوەکەی بووە هەزاران سالە ئەویش خەباتی کردووە تو خوا بە نا هەق ناویان مەزرینن..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.